سەرۆک وەزیران جەخت لەپاراستنی سەروەت و سامانی کەمپانیا حکومییەکان دەکاتەوە

ئەمە پەنجشەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لە پەویستی پاراستنی سەروەت و سامانی کەمپانیا حکومییەکان کردەوە. نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەنراوەکدا بڵاویکردەوە، "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران مەحەمەد شیاع سودانی بەیانی ئەمە پەنجشەمە سەرکایەتی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای تایبەت بە دووبارە پەکهەنانەوەی کەمپانیاکانی کەرتی گشتی کرد لە عێراق کە لە وەزیرانی نەوت و ئاودانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانییەکان و بازرگانی و گواستنەوە و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و پیشەسازی و کانزاکان و کارەبا و پەیوەندییەکان پەکهاتووە بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە ڕاوێژکارانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران".

ئاماژەی بۆشکرد، " لیژنەکە گفتوگۆی دەخی کەمپانیا گشتییەکانی کرد کە بەناو دەوڵەتەوەن لەگەڵ ڕەگاکانی بەرەوپێشبردنیان و چێنیەتی بەکارهێنانی ڕەسنایەتی ئەو کەمپانیایانە لە چوارچێوەی هەمەتی چاکسازیدا بە ڕەبەرایەتی حکومەت بە دروستکردنی گۆشەپەدانی ئابووری بە عێراق و دابینکردنی هێلی کار بە گەنجان و گەیینی ئەم کەمپانیایانە بە کەمپانیایەك کە پاپشتی لە ئابووری عێراق بکات و داهاتی ڕاستەقینەیان بێت بە گەنجینەی گشتی، هەروەها گرنگی کەمپانیا حکومییەکان خرایەڕوو لە بەڕێوەبردن و ڕەکخستنی ژمارەیەك کەرتی سەرەکی لە پەرەپەدانی کەرتی پیشەسازی بە هەردوو لایەنی گشتی

و تایبەتدا". هەر بەپێی راگەیندراوەکە ئەوەیش هاتووە، " جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پاراستنی سانیەتی ئەم کەمپانیایانە و بەکارهێنانیان بە زیادکردنی بەرهەمهێنانی کەمپانیاکە، چونکە ئەوان یەکەی ئابوورین و بە چالاکییەکانیان ناسراون.